ROJI GEL

# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (188) یەکشەممە 2007/7/22

## ئەمریکا دەیەوێ پۆستی سەرکۆمار بۆ سوننە بگێڕێتەوە

سەرچاوەیەک ئاشکرای کردووە کە حکومەتی ئەمریکا بۆ رازیکردنی گروپە توندڕۆکان و بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی سوننەکان کار بۆ ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا پۆستی سەرکۆماری عێراق بۆ عەرەبی سوننەو پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ کورد مسۆگر بکرێن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاشکرا بووە کە شاندی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بۆ ئەوە دەکات تا پۆستی سەرۆکوەزیران بە مەهدی حافز بدرێ کە پێشتر شیوعی و دژی هێرشکردنە سەر عێراق بووە، دوو مانگ لەمەوبەریش خۆی لە لیستی ئەیاد عەلاوی کێشاوەتەوە، بەهۆی ئەوەی لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا خۆشەویستە، توانای باشتری لە نوری مالکی هەیە و وڵاتانی عەرەبیش پشتیوانی لێدەکەن، بۆ سەرۆکوەزیران شیاوە. سەرچاوەکە دەڵێ بۆ ئەو مەبەستەش شاندیUN سەردانی رێزدار جەلال تالەبانی سەرکۆمارو ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی رێبەری شیعەکانیان کردووە.

ل٣ هەڵسووڕاوانی حکومەت چیلکە لە چالاکیە نەتەوەییەکان وەردەدەن

ل٤ ئەو پارەیەی دەستمدەکەوێت بەیاری دەیدۆڕێنم

ل٥ دیاردەی لەشفرۆشی و هۆکارو مەترسیەکانی

ل٦ خۆراکی ئێکساپیەر بازاڕەکان داگیر دەکات

ل٧ بیرەوەریەکانم ( زرار سلێمان دەرگەڵەیی)

# بەرەیەکی نوێ لە عێراق پێکدەهێنرێ،شەش هەزار پێشمەرگەش رەوانەی کەرکوک دەکرێن

هەواڵەکان ئاشکرایان کردووە کە چوار لایەنی بەشدار لەنێو پەرلەمانی عێراق لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی نوێی پەرلەمانی رێککەوتوون.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی نوری مالکی و ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم رێککەوتوون تا بەرەیەکی نوێ لەنێو پەرلەمان دا دروست دەکەن.

هەندێ لایەنی عێراقی هەر لە دەستپێکدا دژی پێکهێنانی ئەو بەرەیە راوەستاون و پێیانوایە کە دروستکردنی بەرەی پەرلەمانی زیان بە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەگەیەنێ و دژ بەو بەرەیە پێکدەهێنرێ کە ئەیاد عەلاوی بەنیاز بوو لەگەڵ هەندێ لایەنی عێراقی و کوردستانی پێکیبهێنێ. هەندێ لایەنی دیکەش ئەمە بە نەخشەو پلانێکی ئەمریکی دادەنێن و رەتی دەکەنەوە.

لەم پێوەندەدا رەوتی سەدریەکان پێکهێنانی ئەو بەرەیە رەت دەکەنەوەو هێرش دەکەنە سەر هەردوو لایەنی شیعە، بە هاوکار و هاودەستیکردنی ئەمریکا تۆمەتباریان دەکەن، پێیانوایە بەرەکە بۆ گۆڕین و هەموارکردنی دەستوور پێکدێ و لەبەرژەوەندی گشتیدا نایەتەوە.

هەندێک لە چاودێرانیش پێکهێنانی ئەو بەرەیە بە خۆگونجاندن لەگەڵ ستراتیژی نوێی ئەمریکا لێکدەدەنەوەو بە کارێکی ئەرێنی دادەنێن، چونکە بەو بەرەیە رێگری لە پلانی ئەمریکا دەکرێ کە بۆ دەرچوون لە تەنگژەی عێراق دەیەوێ جێگۆڕکێ بە نوێنەری پێکهاتەکان بکات، کابینەی نوری مالکی هەڵوەشێنێتەوەو کەسێکی دیکەی هاوسۆز لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و سوننەکاندا لە شوێنی ئەو دابنێ.

جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر پارتی و یەکێتی ئامادەیی خۆیان دەربڕێ بوو تا شەش هەزار چەکدار بۆ پاراستنی بۆڕیە نەوتیەکان و ئاسایشی شاری کەرکوک رەوانە بکەن، بەڵام دوێنێ وتەبێژی فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی هەرێم رایگەیاندبوو کە وەزارەتی بەرگری عێراقی رەزامەندی خۆی لەسەر ناردنی ئەو هێزە بۆ کەرکوک پێشان داوە، بەڵام ئەگەر وەزارەتی بەرگری تەواوی پێداویستیەکانی بۆ دابین نەکات، ئەوان ئامادە نابن کە هێزەکانی خۆیان رەوانەی ئەو شوێنە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە زانراوە کە هێزەکە لە دوو لیوای پارتی و یەکێتی پێکدێن، لە یەک شوێندا کۆدەکرێنەوە.

## سەرکۆماری ئەڵمانیا نیشانەی رێزلێنان بە کوردێک دەبەخشێ

**هەواڵەکان:** هۆرست کۆهلێر سەرکۆماری ئەڵمانیا نیشانەی رێزلێنانی بە چالاکڤانێکی بواری مافی ژنان بەخشی.

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە سەرکۆماری ئەڵمانیا لە پێوەندی چالاکیەکانی پاراستنی مافی ئەو ژنانەی لە وڵاتانی ئیسلامیەوە بۆ ئەڵمانیا هاتوون، نیشانەی رێزلێنانی بە سەیران ئاتەش بەخشیووە.

سەیران ئاتەش پارێزەرێکی کوردەو ماوەی 20 ساڵە لە بواری پاراستنی مافی ئەو ژنانەدا کار دەکات کە لە وڵاتانی ئیسلامیەوە بۆ ئەڵمانیا هاتوون. بەهۆی ئەوەی کە کوردیشە چەندین جار لەلایەن تورکە تۆرانیەکانەوە هەڕەشەی مەرگی لێکراوە.

هەرچەندە ساڵی 1963 لە شاری ئیستەنبۆلی تورکیادا لەدایک بووە و لەتەمەنی شەش ساڵیشەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا چوونەتە ئەڵمانیا، بەڵام سەیران ئاتەش شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات، بەهۆی کورد بوونیشیەوە گرفتی بۆ دروست کراوە. سەیران ماوەی بیست ساڵە لە بواری پاراستنی مافی ژناندا چالاکی جۆراوجۆر دەنوێنی، ماوەی دە ساڵیشە وەکو پارێزەری فەرمی لەو بوارەدا کار دەکات، ئەمەش وایکردووە کە سەرنجی حکومەتی ئەڵمانیا رابکێشێ و رێزی لێبگرێ. ئەم رێزلێنانە مایەی شانازی خۆی و نەتەوەکەیەتی.



## لەیلا زانا داوای پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان دەکات

**هەواڵەکان:** لەیلا زانا کاندیدی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا لە لێدوانەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ سیستەمی ئەیالەتی لە تورکیا پێک بێ، بەوهۆیەشەوە داوای پێکهێنانی ئەیالەتی کوردستان دەکات.

لەیلا زانا کە لێدوانەکانی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە وەکو هەڕەشە لێک دەدرێنەوە راشکاوانە رایگەیاندووە کە بۆ دوایین جار دەستی ئاشتی بۆ تورکیا درێژ دەکەین، ئەگەر مافەکانمان جێبەجێ نەبن تورکیا دووچاری دابەشبوون دەبێ

لەیلا زانا" پارلەمانتاری پێشووی پارتی رەنج و دیمۆکراسی کە پشتیوانی کاندیدەکانی سەر بە DTP بۆ هە ڵبژاردنی ئەمڕۆ دەکات، بۆ یەکەمین جار لە میتینگی دەیان هەزار کەسی شاری دیاربەکردا کە رۆژی چوارشەممەی رابردوو بەڕێوەچوو، گوتی :" کورد بۆ دوایین جار، دەستی ئاشتی بۆ تورکیا، درێژ دەکات، ئەگەر تورکیا دەستی نەگرێ و پێشوازی لە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نەکات، ئیدی کورد چیتر دەست درێژ ناکاتەوە" لە میتینگی شاری (چەولیک)یشدا گوتی:" من خەڵکی دیاربەکر نیم و خەڵکی کوردستانم، بەم ناوچە دەڵێن، رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی باشوور، ئەوە دروست نیە، ئێرە کوردستانە، پێمان دەڵێن جیاوازی خواز! کەچی لە بنەڕەتدا ئەم خاکە هی ئێمەیە، ئێرە نیشتمانی ئێمەیە، پێش ئەوەی کە ئەوان بێن، ئێمە سەدان ساڵ بوو لێرە بووین. ئێمە میوانداریمان لێکردن، ئێستاش ئەوان خاوەنداریتی کوردستان دەکەن" ئەم لێدوانانەی لەیلا زانا هەم هەڕەشەیەکی ئاشکران و هەمیش تەنگژەیەکی سیاسیان لەنێوخۆی تورکیادا دروست کردووە، واش پێشبینی دەکرێ کە جارێکی دیکەش رووبەرووی لێپرسینەوەو دادگە بکرێتەوە.

## عەلی کیمیاوی لە بەغدا هەڵدەواسرێ

**هەواڵەکان:** پێشتر حکومەتی عێراق پێشنیاری کردبوو کە عەلی کیمیاوی تاوانباری سەرەکی لە دۆسیەی ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی شارو گوندەکانی کوردستان لە شاری هەڵەبجە سزای مەرگی بەسەر جێبەجێ بکرێ و هەڵبواسرێ. ئەو پێشنیارەی حکومەتی بەغداد خواست و ئاواتێکی لەمێژینەی گەلی کوردستان، بەتایبەتیش بنەماڵەی قوربانیانی شاری هەڵەبجە بوو، بۆ ئەمەش چەند کاروچالاکی لەناوەو دەرەوەی کوردستان ئەنجام دراوبوون، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە، بۆیە **عەلی دەباغ** وتەبێژی حکومەتی عێراق بە ئاژانسی "ئەسۆشیێتد پریس"ی راگەیاندووە کە عەلی حەسەن مەجید لە هەڵەبجە هەڵناواسرێ چونکە واتای تۆڵەکردنەوە دەگەیەنێ، بۆیە بڕیار وایە خۆی و هاوکارەکانی لە بەغداد هەڵبواسرێن.

ئەم هەواڵە بنەماڵەی ئەنفالکراوان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی نیگەران کردووە، دەخوازن تاوانباران لە شوێنی تاوان هەڵبواسرێن.

## عێراق و تورکیا یەکتر تۆمەتبار دەکەن

**هەواڵەکان:** دوای ئەوەی حکومەتی عێراق لە یاداشتنامەیەکدا کە لەرێگەی باڵیۆزی عێراقەوە پێشکەش بە تورکیا کراوەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە دەرمانی ئێکساپەری رەوانەی عێراق کردووە، حکومەتی تورکیا یاداشتانەمەی نارەزایی خەبارەت بە پێشوازیکردن لە رەزا ئاڵتوون پێشکەش بە عێراق دەکات.

حکومەتی عێراق لە یاداشتنامەکەیدا داوای لە حکومەتی تورکیا کردووە تا شاندێکی خۆی رەوانە بکات و لەنزیکەوە لێکۆڵینەوە لەو دەرمان و خۆراکە بەسەرچووانەوە بکات کە تورکیا رەوانەی عێراقی کردوون، بەڵام حکومەتی تورکیا ئەو بانگەشەیەی رەت کردۆتەوەو رایگەیاندووە کە تا ئێستا هیچ بارێکی دەرمان و خۆراکی بەسەرچووی رەوانە نەکردووە. لەلایەکی دیکەوە زانراوە کە حکومەتی تورکیا لەبەرانبەر یاداشتنامەکەی عێراق ئەویش یاداشتنامەی نارەزایی رەوانەکردووە بەهۆی ئەوەی دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان پێشوازیان لە رەزا ئاڵتوون، یەکێ لەبەرپرسانی پەکەکە کردووە کە تورکیا داوای رادەستکردنەوەی کردووە، بەڵام حکومەتی عێراق بەرپەچی داوەتەوەو بەوە تۆمەتباری کردوون کە سوپای تورکیا گوندەکانی کوردستان تۆپباران دەکات، زیان بە سەروسامانی وڵاتییان دەگەیەنێ، رەزو باخەکان دەسووتێنێ و گوندیەکان ناچار دەکات کە رابکەن.

## رۆژەڤ

ماددەی 140، ئەو گرێکوێرەیەی کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە دەستی خۆیەوە دروستی کردووە، رۆژ دوای رۆژ بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دیکە دەڕوات. جارێک جەعفەری و جارێکی دیکەش مالکی پشت گوێی دەخەن. جارێک تورکمانەکان ، جارێک عەرەبی سوننەو جارێکیش عەرەبی شیعە داوای دواخستن و جێبەجێنەکردنی دەکەن. جارێک تورکیاو جارێکی دیکەش میسرو وڵاتانی عەرەبی داوای دواخستن و بەیۆەنەبردنی ریفراندۆم دەکەن، ئێستا لایەنە پەیوەندداره‌کان، بەتایبەتیش دەستەڵاتی کوردستان کە دەبینێ لە کۆتایی کاتەکە نزیک دەبێتەوە تەواوی تۆمەتەکان بۆ سەر پشتی بەرانبەرەکەی، واتە حکومەتی عێراق فڕێ دەدات، ئاخ بۆ دەست لەکارکێشانەوەی هاشم شبلی سەرۆکی پێشووی لێژنەکە هەڵدەکێشێ وخۆزگەش دەخوازێ کە پۆستی سەرۆکایەتی لێژنەکە بە کوردێک بسپێردرێ.

ئێستا لایەنی کوردی لەژێر پاساوی ئەوەی کە جێبەجێکردنی ماددەی 140 بە پێی دەستوور ئەرکی حکومەتی بەغدایە، دەیەوێ خۆی لە ئاکامەکەی بدزێتەوە، لەکاتێکدا باش دەزانێ کە لایەنی کوردی دەیتوانی و دەشتوانێ هەر چاوەڕێی حکومەتی بەغدا نەکات، دەشکراو دەشکرێ کە بۆخۆی بەشدارییەکی باشی لە جێبەجێکردنی پرۆسەکە هەبێ، بەتایبەتیش لە گێڕانەوەی ئاوارە و ناردنەوەی هاوردەکاندا. لانی کەم دەیتوانی کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری لە کەرکوک دروست بکات، پێیوەندییێکی باشتریش لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکوک دا پێکبهێنێ. ئەگەر لایەنی کوردی، واتە دەستەڵاتی کوردستان ئەدایەکی باشتری پێشکەش بە کەرکوک بکردبایە، کار بەم شوێنە نەدەگەیشت، چونکە لە زۆر رووەوە کورد دەیتوانی ئەکتیڤ و کاراتر بەشداری لە جێبەجێکردنی ماددەکە دا بکات، بەڵام وەک نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەڵێ: بەداخەوە لە سەرەتاوە ئەدای یەکێتی و پارتی لەو ئاستەدا نەبووە، بەڵام ئێستا کۆدەنگییەکی باش هەیە لە نێوان هەردوولادا.

راستیەکەی کوردستانیان و رێکخراوە سیاسی و جڤاکی و رۆشنبیرییەکانی کوردستانیش دەخوازن کە کۆدەنگی لەنێوان پارتی و یەکێتی دا هەبێ، بەڵام ئەوەی بۆ کوردستانیان گرنگە ئەوەیە کە سازش لەسەر کێشەی کەرکوک دا نەکرێ، بازرگانی و سەودای پێنەکرێ و ماددەی 140یش لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێ.

ئەگەر پێشتریش کلیلی کێشەکە لەدەست کورد دا نەبووبێ، ئێستا کلیلی راگرتن و مانەوەی حکومەتی بەغداد و دەوڵەتی عێراق لەدەست کورد دایە، کارتەکانی گوشاریش لەنێو دەستیدا چڕ بوونەتەوە، بۆیە دەبێ بە شێوازێکی راستین و لەکاتی گونجاوی خۆیاندا دەکاریان بهێنێ و کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانیان پێ یەکلایی بکاتەوە، دەنا کات بە خێرایی تێپەڕ دەبێ و پەشیمانیش دادمان نادات .

